# ئیمپریالیزم و شێوەیەکی نوێ لە شارستانیەت

ئاسۆ شابان
a _shaban1@hotmail.com

(( ئێمە دەبێت ئەم شارە وێرانکەین ، بۆ ئەوەی ئەوان ڕزگار کەین ))* ،ئەمە ووتەی جەنەڕاڵێکی ئەمەریکیە لە کاتی شەری ڤێتنامدا ، لە عێراق داگیرکەران شارێکیان خاپوور کرد بۆ ئەوەی ملیان پێ بدەن بۆ هەڵبژاردن .
شەری فەلوجە بووە هۆی لە نێو چوونی دانیشتوانەکەی ، پاش هەفتەو نیوێك لە بۆمباباران کردنێکی بێ ووچان و هێرش کردن بە تانكو فرۆکەی ئاسمانیو تۆپە دوورهاوێژەکان ، ئەم شارە کە خاوەنی ( 300،000 ) دانیشتوان بوو بووە گرۆزنی لە شیشان ، کەس نازانێ چەندە مرۆڤ بوونەتە قوربانی ئەم شەرە و چەندەش لە ژێر خاكو خۆڵی خانووە ڕووخاوەکاندا جێماون ، چەندەها لاشەی پیاوو ژنو منداڵ بە ئاشکرا لەسەر شەقامو کوچەو کۆڵانی ئەم شارە دەبینران ، سەربازێك ئەم چەند دێرەی بۆ هاوسەرەکەی نووسی بوو : ( کاتێك چووینە ئەم شارەوە سەدەها لاشەی مردوو و بریندارم بینی ، زۆریان ژنو منداڵو پیاوی پیر بوون ، بە زمانێك دەدوان من لێی تێنەدەگەیشتم ، بەڵام دەمزانی داوای یارمەتی دەکەن ، یارمەتیمان نەدان ، چوونکە کات نەبوو بۆ ئەم مەبەستە ، ئێمە لە شەردا بووین ، شەر هەر بەردەوام بوو ، زۆر زیاتر لەوانەی یەکەم جار بینیمن کوژراو هەبوون ، دوای چەند رۆژ ئەم شارە لەبەر بۆنی لاشەی مردووەکان ، توانای نان خواردنمان نەبوو ، ئێمە دەبێت ئەم شارە بگرین گەر دواهەمین هەناسەشمان بریوە )* .
ئەمەریکیەکانو دەسەڵاتدارانی عێراق دەڵێن ، ئێمە تەنها تیرۆریستەکانمان کوشتوە ! ، بەڵام بە پێی ئەوانەی کە لەنزیکەوە شەرەکەیان بینیوە ، دەڵێن جەنگێك بووە کە هەموو یاساکانی شەری تیا پێشێل کراوە ، دکتۆر غنیم دکتۆری بەشی نەشتەرگەری لە خەستەخانەی فەلوجە دەڵێت: خەستەخانەکەمان بە خەستی بۆمباباران کرا ،هەر لەسەرەتاوە ئاوو کارەبامان

نەبوو ، ئێمە لە سەرەتادا هەر فریای ئەوە دەکەوتین بریندارو لاشە بێ گیانەکان لای خۆمان کۆکەینەوە ، چارەسەر بۆ بریندارەکان نەبوو ، بۆمباباران بەردەوام بوو ، بۆمبێك هاتوو بەشەکەی ئێمەی پێکا ، من هەڵاتم ، هەرچی بریندارو نەخۆش و هاوکارەکانم هەبوو بەجێم هێشتن ، زۆریان گیانیان لەدەست دا ، لەوساتە وەختەدا مردنی خۆم بە ئاوات دەخواست ، زۆر ستەم بوو*.

خەڵکێکی زۆر کە تەمەنیان لە نێوان ( 15 ) بۆ ( 55 ) ساڵ دەبێت لە ترسی بۆمباباران کردنی کوێرانەی شارەکە هەڵدێن بۆ دەرەوەی شار بۆ دەربازکردنی گیانیان لە مەترسی مەرگ ، بەڵام ڕێگەیان پێ نادرێ‌و دەیان گەڕێننەوە ، ئەوان لەکاتی هەڵاتن‌و گەڕانەوەدا دەکەونە ژێر بەزەیی گولەو بۆمبابارانی هەردوو بەرەی شەرکەرەوە و زۆریان گیانیان لە دەست دەدەن ، بە پێی ووتە بێژێکی سەربازی ئەمەریکی لە فەلوجە دەڵێت : ( بۆیە ڕێگەیان پێ نەدراوە ڕاکەن چونکە ئەوانەی لەم شارەدان تیرۆریستن )* ، دەبێت کێ جەنگ بخوازێت‌و لەم نێوەندەشدا کێ تیرۆریست بێت .!؟

هیچ جۆرە ئامادە سازییەك بۆ منداڵە هەڵاتوەکان ساز نەکرابوو ، منداڵان لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ‌و لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان لە ترسی بۆمباباران رایان دەکردوو خۆیان حەشار دەدا ، لێپرسراوەکانی ئەمەریکا ڕێگەیان نەدەدا ڕێکخراوی خاچی سوور بچێتە ناو شارەوەو بە هانای خەڵکیەوە بێت ، کاتێك ئەم داواکاریە خرایە بەردەم نیکۆلاس فدریك* ڕەقیبی ئەمەریکی بەشی بەرەی شەڕ ووتی : ( ڕێگە نادەم ، لێمان گەڕێن با زۆرترین هاوڕەگەز بازوو زۆڵەکانی ئەم تیرۆریستانە بکوژین ) ، أبو مصطفى کە هاووڵاتیەکی شاری فەلوجەیە بۆ کارمەندانی خاچی سوور بەم شێوەیە دەدوێت : ( خۆم‌و هەر حەوت منداڵەکەم بووین ، هیچمان نەما بوو بیخۆین‌و بیخۆینەوە ، منداڵەکانم هەموویان تووشی سك چوونێکی توند ببوون ، هیچ جۆرە چارەسەرێکم نەبوو بۆیان ، نەشمان دەتوانی هەڵدێین ، بۆمبێك هاتوو ماڵەکەمانی پێکا ، یەکێ لە منداڵەکانم بە خەستی بریندار بوو ، هاوارم زۆرکرد کەس بە هانامەوە نەهات ، کورەکەم هەر لە باوەشمدا مایەوەو خوێنی لەبەر ڕۆیشت تا گیانی دەچوو ، ئاخر من نەم دەتوانی هیچی بۆ بکەم‌و کەسێکیش نەبوو یارمەتیمان بدات ) .

لەم شەڕەدا ئەمەریکیەکان هەموو ئەو یاسایانەیان پێشێل کرد کە لە بەندی ( 33 ) ی ڕێکەوتن نامەی جنێفدا هاتبوو ، ئەم شەرە زیاتر لە سزادانی خەڵکی ئەو شارە دەچوو هێندەی لەوە بچێت شەرێك بێت دژ بە گرۆپێکی تیرۆریست ، پرسیار لیرەدا ئەمەیە : ئایا ئەمە سزادان نەبوو دژی هەڵوێستی دژە داگیرکەران !؟ لە هەمان کاتدا وانەیەك نەبوو بۆ ئەوانەی دژی داگیر کردنن ؟! ، بەندی ( 33 ) ی ڕێکەوتن نامەی جنێف کە لە ساڵی ( 1949 ) دانرا ، دژی نازییەکان بوو ، لە کاتێکدا هەموو دانیشتوانی لادێکانیان بە شێوەیەکی دڕندانە سزا دەدا گەر بهاتایە لەو لادێیانەدا نەڕەزایەتی لە دژی داگیر کردنی نازیەکان دروست ببوایە ، ئەم شەرەی فەلوجەش هەمان ڕێچکەی سزادانی نازیانەی ئەمەریکیەکان بوو ، ئەمەریکیەکانیش ئەم شەڕەیان کردە نمونەیەكو دایان بەگوێی هەموو خەڵکی عێراقدا ، لە هەر شوێنێك دژایەتی ئەوان بکرێت بەو ئەنجامە دەگەن ، تا چیتر نارەزایەتیەکان خاوەن دەنگو هێز نەبن .

لێرەدا تێروانینێك هەیە ، ئەویش دژایەتیەکی بەرچاوی داگیرکردنە لە لایەن خەڵکی عێراقەوە ، جێی داخە لەم کاتەدا سەنگی ئەم دژایەتیەی ئیمپریالیزمەکان لە عێراق لە دەستی هەندێ لایەنی ئیسلامی توند ڕەودایە پارسەنگی کێشە سیاسیەکان ئەوان جڵەویان گرتوە ، لایەنە سۆسیالیستو ئازدای خوازەکان لەم هاوکێشەیەدا کەوتونەتە پەراوێزەوە ، ئەمەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە سۆسیالیستەکان لەم بارو دۆخەی ئەمرۆدا خاوەنی پایەیەکی کۆمەلایەتی بەرفراوانی یەکگرتوو نینو هاوخەباتو کۆ نین لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکاریانەی ئەمرۆکە لە عێراقدا ڕوو دەدەن ، جگە لە نەبوونی بەرنامەیەکی شۆرشگێرانەی مارکسی کە وەڵام دەرەوەیەکی ڕاستەقینە بێ بەو بارودۆخەی ئێستای عێراقو خاوەنی پایەگای خۆی بێت . شێوەی ئەم شەرە لە عێراق هەرجارەی بە شێوەیەك بەرۆکی خەڵکی شارەکان دەگرێتو هەر جارەی لە ژێر ناوێکی تازەو گرۆپێکی نوێدا سەرهەڵدەدات ، شێوەی ئەم شەرە پێشتر لە بەغدادو رومادیو نەجەفو سامەڕاو بەصرەو ....ئێستاش وا موصڵو ئەنباری گرتۆتەوە ، هەمیشە لەلایەن ئەمەریکیەکانو رژێمی کاتی عێراقیەوە ووشەی تیرۆریستمان گوێ لێدەبێت بۆ پاساو هێنانەوەی ئەم شەڕانە ، ئەگەر ئێمە بە ووردی سەیری ئەم یاریە بکەین ، خەڵکی عێراق

زۆربەیان تیرۆریستن ، ئایا خەڵکی عێراق خوازیاری شەڕە ؟! ، تیرۆر ئەگەر تاک بێت یان کۆ ، ئەوەی باجی ڕاستەقینەی دەدات جەماوەرە ، بەڵام حکوومەتی هاوپەیمانی ئەمەریکای کاتی ئێستاو داهاتوو دەبێت ئەوە باش بزانن کە بە قورسی باجی ئەم کوشتار گەلیەی ئێستای عێراق دەدەن .

پرسیارێك لێرەدا هەیە ، ئایا تەنها هەر عێراقیەکان باجی ئەم شەڕە دەدەن ؟! نەخێر ، خەڵکی ئەمەریکاش ئەم باجە دەدەن ، با بزانین بە چ شێوەیەك ئەوانیش بەشدارن :

1- ژمارەی ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان لە نێوان ( 15 ) تا ( 25 ) ساڵ دەبێت و باری ئابووری خێزانەکانیان خراپە ، لە پێناو دابینکردنی داراییەکی مانگانەی مسۆگەردا بۆ خێزانەکانیان پەلکێشی ئەم شەڕە کراون و بۆ ماوەیەکی کاتی سەربازی دەکەن ، زۆر لەم گەنجانە بوونەتە قوربانی ئەم شەڕە .
2- ژمارەیەکی زۆر لەو گەنجانەی کە خەڵکی دەرەوەی ئەمەریکانو بۆ کارکردن ڕوویان کردۆتە ئەمەریکاو هیچ جۆرە یاسایەك نیە بۆ مانەوەیان بە شێوەیەکی بەردەوام لەو وولاتەدا ، ناچار کراون بۆ ئەوەی کارتی سەوز* وەرگرن و مافی مانەوەیان هەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام ، دەبێت بۆ ماوەی ( 2 ) ساڵ سەربازی بکەن ، ئەم دوو بەشەی سەرەوە زۆربەی قوربانیەکانی شەڕی عێراقو ئەفغانستانن و ئەوانەی کە تووشی کارەساتی خۆکوژی بوون لەم دوو بەشەن ، جگە لەوەی تا ئێستا زۆر لەو گەنجانەی بەهۆی ئەم شەڕەوە کەم ئەندام بوون کێشەی دابین کردنی مووچەی مانگانەیان چەرەسەر نەکراوە .
3- بودجەی پارەی بەکارهاتوو بۆ شەڕی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە تەنها بۆ ساڵی ( 2004 ) زیاد لە ( 151،1 ) ملیارد دۆلارە ، گەر ئەم پارەیە بۆ جەنگ بەکار نەهێنرایەو بخرایەتە خزمەت خەڵکی ئەمەریکاوە با بزانین خەڵکی ئەمەریکا چەندە لێی بەهرەمەند دەبوو ، ئەو پارەیە بەسە بۆ دابین کردنی ئەم داواکاریانەی خوارەوە :
# دابین کردنی پارەی ساڵانەی نەخۆشی بۆ ( 27 ) ملیون کەس .
# دابین کردنی پارەی مانگانەی ( 3 ) ملیون مامۆستای قووتابخانە سەرەتاییەکان .

# کردنەوەی ( 678،200 ) هەزار بەشی تازەی ئاگر کوژاندنەوە .
# باشکردنی باری تەندروستی ( 82 ) ملیون منداڵی نەخۆش .
ئەو باجەی عێراق لەم شەڕەدا دەیدات دە هێندەیە ، جگە لەوەی کە ئەم پارەیە بە قەرز لەسەر عێراق دادەنرێت و زێدەبای دێتە سەر ، خودی شەڕەکەش لەم وولاتەدا دەکرێت ، واتە کوشتن‌و برین‌و وێرانکاری، دەربەدەری، نەخۆشی، بێکاری ، نائارامی ژیانی رۆژانەی خەڵکی‌و دابین نەکردنی پێداویستیە ڕۆژانەکان ، بارگرانیەکی تەواوی لەسەر خەڵکی عێراق دروست کردوە ، جگە لە نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بە داهاتوو ، خودی ئەم شەڕەش لە عێراق ڕێگە خۆشکەرێکی باش بوو بۆ سەرهەڵدان‌و کۆبونەوەی چی زیاتری لایەنە ئیسلامیە توند ڕەوەکان‌و سەرهەڵدانەوەی خێڵ گەرایی‌و کۆن پەرست خوازەکان لە شێوەو گرووپی جیاجیادا و هاوکار بوونیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی گۆڕەپانی کاری سیاسی ، چی لایەنە سیاسیەکانی تری عێراقیشە ئەوەی بەرژەوەندی لەگەڵ ئەمەریکا دێتەوە هاوپەیمانەو ئەوەی لەدەرەوەی ئەمانیشن لە ترسی تۆمەتبارنەکردنیان بە پشتیوانی لە تیرۆرو سەرانی رژێمی پێشوو ، بێدەنگ کەم تا زۆر ماونەتەوە ، گەرچی بزووتنەوە سۆسیالیستەکانیشە کەم تا زۆر بە شێوەیەکی لەیەك ترازاو جیا جیا هەڵوێستی سیاسیان هەبوە بەڵام ئەوە نەبووە کە بتوانن سەنگی ئەم هاوکێشەیە بە لای خۆیاندا ڕابگرن .
( The lancet )گۆڤارێکی پزیشکی بەریتانیەو هەندێ زانیاری لەسەر قوربانیەکانی شەڕی عێراق نووسیوە : ( بە پێی ئەو ئامارانەی بە دەست ئێمە گەیشتووە ، قوربانیەکانی ئەم داگیرکردنە ، زیاد لە ( 100،000 ) کەس دەبن ، زۆربەیان ژن‌و منداڵن‌و لە ئەنجامی بۆمبابارانی شارەکان گیانیان لە دەست داوە ، بە پێی ڕاپۆرتەکە واهاتوە کە شێوەی کوشتارگەری ئەم بۆمبابارانانە ( 58 ) جار زیاتر بووە لە پێش داگیرکردن ) ، یەکێ لەو چەکە کوژەرەی کە ئەمریکا لەم شەرەدا بەکاری هێناوە بۆمبی کلوستەرە ( Cluster bommen) ،

کە بریتیە لە کەپسولێکی گەورەو هەر لە ئاسماندا دەکرێتەوەو دەبێتە هەزارەها پارچە قومبەلەی بچووك بچووك کە دەتوانێ هەموو ئامادەبووانی گەورەترین گۆڕەپانی یاری لە نێو بەرێت ، زۆربەی ئەو منداڵانەی بونەتە قوربانی شەڕی عێراق‌و ئەفغانستان ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم بۆمبەیە

کوژراوەکانی بەرەی داگیرکەرانیش زیاد لە ( 1356 ) کەس دەبن‌و ( 1210 ) کەسیان ئەمەریکین‌و زۆربەیان لەو گەنجانەن کە تەمەنیان لە نێوان ( 19 بۆ 26 ) ساڵ دەبێت ، زیاد لە ( 17000 بۆ 26000 ) بریندارو کەم ئەندام لە بەرەی داگیرکەردا هەیە ، بە پێی ڕاپۆرتی دکتۆرە ئەڵمانیەکان *( ژمارەیەکی زۆر کوژراوو بریندارو کەم ئەندام لە شەڕی فەلوجەوە هاتوون ، بە پێی ڕوونکردنەوەی ئەم دکتۆرانە زیاد لە ( 10 ) جار فڕۆکەی پڕ لە برینداریان بۆ هاتووە ) ، جگە لە ئامار نەکردنێکی تەواوی سەرجەم بریندارو کەم ئەندام بووەکانی خەڵکی عێراق .

ئەمەیە ئەنجامەکانی شەڕی ئیمپریالیزم‌و ئەمەیە شێوە نوێکەی شارستانیەتی ئەمەریکا بۆ عێراق‌و ئەفغانستان ، چۆن خەڵکی عێراق‌و ئەفغانستان‌و ئەمەریکایان کردۆتە سووتەمەنی ئەم شەڕە ، جگە لەوەی کە خەڵکی عێراق لەم شەڕەدا بە سەروو ماڵ تیا چووە ، لە داهاتوویەکی زۆر درێژیشدا دەبێت قەرەبووی پارەی ئەم شەڕەش باتەوە ، بە دڵنیاییەوە ئەمەش دەکەوێتە سەر شانی خەڵکی عێراق‌و دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن باجی ئەمە بدەن ، ئەڵمانەکان پاش شەڕی جیهانی دووەم زیاد لە ( 50 ) ساڵ باجی ئەو شەڕەیان دایەوە ، بە دڵنیاییەوە حکوومەتی داهاتووی عێراق بۆ خۆدزینەوە لە داواکاریەکانی کرێکاران‌و خەڵکی زەحمەت کێشی عێراق ، ئەم شەڕەی ئەمڕۆ دەکاتە چەکێکی سیاسی بۆ زیاتر درێژەدان بە ڕەتاندن‌و پاشگەز بوونەوە لە داواکاریەکانی خەڵکی عێراق و زیاتر پێداگرتن لە سەر کپکردنەوەی هەر جۆرە ناڕەزایەتیەك کە بێتە بوون‌و خاوەن دەنگ بێت ، ئەوەی جێگەی باسە لێرەدا ، بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە ئیمرۆ لە عێراقدا سەری هەڵداوە ، لایەنە ئیسلامیە تووند ڕەوەکان‌و نەتەوە پەرست‌و کۆنە پارێزەکان و خێڵەکیەکان بوونی بەرچاوی خۆیان هەیەو ئەوان بۆ ئەوەی جڵەوی سیاسی بە لای خۆیاندا ڕاکێشن لە خۆ کۆکردنەوەیەکی بەردەوامدان‌و ڕیزەکانیان یەك دەخەن ، ئەوەی بۆ ئێمەش گرنگە واتە ( سۆسیالیستەکان ) خۆ ڕێك خستن‌و کاری هاوبەشە * بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین لە داهاتوودا خاوەنی هێزێك بین کە بتوانین لە بەرامبەر دەوڵەت‌و فاشیزم‌و بیرۆکەی بۆرژوازیدا یەك دەنگ لە مەیداندابین ، بەو هیوایەی کە لە داهاتوودا بەرەیەکی جیهانی سۆسیالیستە شۆرشگێرەکان برەو پێ بدەین کە ئەمڕۆکە ڕەوتی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست کاری بۆ

دەکاتو بەگەرمی بۆی تێدەکۆشێ .

---

( is ) ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست بەشی #166 دێسەمبەری ( 2004 ) .
*

*( Patric stief ) سەربازی بەشی دەریایی ئەمەریکی ، پاش نووسینی ئەم نامەیە ، هاووسەرەکەی نامەیەکی بۆ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ناردوە داوای گەڕانەوەی هاووسەرەکەی دەکات بۆ ئەمەریکا ، ئەم بابەتە دوای ڕوودانی شەڕەکەی فەلوجە لە کەناڵی ( 2 ) هۆڵەندا بڵاوکرایەوە .
* ئەم هەواڵە لە ڕێپۆرتاجێکی خاچی سووردا باسکرا ، کەناڵی ( 3 ) هۆڵەندا .
* (is) لە چاوپێکەوتنی سەربازێکی بەر پرسیاری بەرەی شەڕی فەلوجە .
*( Nikolas fdrik ) ڕەقیبی مارینزی بەشی بەڕەی شەڕ، هەمان سەرچاوە.
* هەمان پڕۆگرامی خاچی سوور .
* کارتی سەوز ، واتە پسوڵەی مانەوە بەشێوەیەکی ئازاد .
* ڕاپۆرتی دکتۆرە ئەڵمانیەکان ، هەمان سەرچاوەی خاچی سوور .
* کاری هاوبەش ، درووشمی سەرەکی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستە لە هەموو جیهاندا ، بۆ برەودان بە کۆکردنەوەی سۆسیالیستە شۆرشگێرەکان .
( http://www.internationalesocialisten.org/ )